# ڕاگەیاندنی -چاک- دەربارەی دۆزی د. کەمال و دادگای هەولێر

بەپێی دوایین هەواڵەکان لەهەولێرەوە و بەپێی ئاگاداریەکانیشمان لە خێزانی د.کەمالەوە، بڕیارە دادگای شاری هەولێر جارێکی تر سەیری دۆزی د.کەمال بکاتەوە و ، د.کەمال کەبەداخەوە چەندین ڕۆژە لەزیندانەکانی هەولێردایەو لەبارودۆخێکی زۆرخراپدایەو تائێستا لەسەرداوایەک کەلەسەری تۆمارکراوەو تائەم کاتەش ناوەرۆکی ئەم داواکاریە بۆڕای گشتی دیارنیە! ، وێڕای نارەزایەتی چەندین کۆڕوکۆمەڵ و ڕێکخراوی ناودەوڵەتی وژمارەیەکی زۆر ڕۆشنبیران و خەڵکی کوردو غەیرە کوردیش لە ناوخۆو دەرەوەی کوردستان و و لەبەرانبەریشدا چەندین جار بەڵێن دان و ڕاگەیاندن لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بە ئازادکردنی بەداخەوە ئەم کێشەیە هەر دەستی بەدەستی پێکراوە و د.کەمال تائێستا لە زینداندایە، ئێمە داواکارین و هیواداریشین کە دۆزی د.کەمال کە بڕیارە لە ڕۆژی پینج شەمە 23-2-2006 کاتژمێری 10ی بەیانی لە دادگای هەولێر سەیری بکرێتەوە بە شێوەیەکی عادیلانە سەیری ئەم دۆزەبکرێت و دادگا دووربێت لە دەست تێوەردانی سیاسی ، ئێمە داواکارین لە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئینسانە ئازادی خوازەکان بۆ چاوەدێری دۆزەکە و لەسەرداخوازی د.کەمال خۆی کە لە کاتی دادگایەکە ئامادەبن .

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد -چاک-